



# قاتێکی شایستە و

جلوبەرگەکان لە چەندین مۆدەی تایبەت و رازاوە دەردەکەون، ئەمەش بە گوێرەی ئەو شێوازەیە کە لەگەڵ ستایل و ناوەڕۆکی مۆدەکان دەگونجێن و شێوازێکی تایبەت لەخۆ دەگرن، ئەمەش وادەکات کە شایستەی جوانی و رازاوەیی بێ لە جەستەی خانمان،

یەکێك لە تازەترین مۆدەکانی جلوبەرگی هاوینە بریتییە لەم قاتە کە پێکهاتووە لە چاکێت و تەنوورە.

وەکو یەکێك لە مۆدە تازەکان، لە سەرتاپای شارەکانی کوردستان جێگەی

# ئێکسسواری تازە بۆ دەستی بووکان







چەندین جۆرە ئێکسسوارەکان بە رێگەی مۆدەی تایبەت و رازاوە دادەنرێن و تەنانەت دەکرێت بە یەکێك لە شێوازە جوانەکان بۆ ئەوەی لە شوێنی ئێکسسواری تازە بێ، لە رێگەی دانانی ئێکسسوارە ناسکەکان وەك نموونەیەك بۆ جوانی و رازاوەیی لە شێوازەکان، دەکرێ سوودیان لێوە وەربگرین.

بە تایبەت خانمانی بووك کە دەتوانن ئەو جۆرە ئێکسسوارە لە دەستیان بێ و لە جێگەی گوڵ هەڵبژێرن، ئەمەش یەکێکە لە مۆدە تازەکانی ئێکسسواری خانمانی بووك.

# مۆدەی جوانی پانتۆڵەکان









مۆدە جلەکان ئەوانەی بە کۆمەڵ پێشکەش دەکرێن دەبن بە یەکێك لە جلوبەرگە تایبەتەکان کە خانمان دەتوانن سوودێکی گەورەی لێوە وەربگرن بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت شێوازەکانی جلەکان جێگر بن و هەر یەکە لە تایبەتمەندی و کراوەیی دەربچێ، ئەو چەند مۆدەیە شێوازێکی تایبەت و رازاوە لە خۆ دەگرن، بە تایبەت لە پانتۆڵەکەی، چونکە بە مۆدەی تەسك و باریکی ناسراوە و تەنانەت سەرنجڕاکێشترین مۆدەیە بۆ ئەو بوارە.

ئەو جۆرە پانتۆڵە لەگەڵ گشت شێوازەکانی جلوبەرگی دیکە دەگونجێ و شێوازێکی سەرنجڕاکێش لەخۆ دەگرێ بۆ ئەوەی وەك مۆدەیەکی تایبەت و رازاوە سەیر بکرێ.



# جوانی نینۆکەکانی پەنجەی خانمان

نیۆنەکانت شایستەی گرنگی پێدان و رازاوەییە لە مۆدەکان دەبێتە یەکێك لە هەنگاوە جوانەکانی گرنگی دانی خانمان بە شێوازی جوانی و ناسکی نینۆکەکان، تەنانەت دەکرێ سوودێکی گەورەی هەبێ بۆ جوانی دەست، لێرەدا دەکرێ مۆدەی نینۆکەکان بەپێی جوانی و رازاوەیی ئامادە بکرێ و شێوازێکی تایبەت لەخۆ بگرێ.

مۆدەکان هەر یەکە بەپێی خانمان دەکرێ سوودیان لێوە وەربگیرێ و یان رەنگ و نەخشەکان بەپێی خواستەکان بێ، ئەمەش وەك نموونەی چەند نینۆکێکە کە بە رازاوەیی و جوانی ئامادەکراوە.



# رازاوە

جوانی و رازاوەیی خانمان دەبێ، بۆ ئەوەی ببێتە دەستە جلێکی تایبەت و کراوە بۆ جوانی جەستەی خانمان. دەتوان شێوازی ئەو جلە لە مۆدەکانی دیکەدا جیاواز بێ، چونکە شێوازێکی لە جلوبەرگی کوردی و رۆژهەڵاتی پێوە دیارە.

# ماکیاژێکی سادە و ناسک

نموونەی ئەم ماکیاژە بریتییە لە ماکاژێکی هێمن و ناسك، زیاتر گرنگی دراوە بە سادەیی و دابەشکردنی تەواوی ماکیاژەکە لەسەر گشت لایەنەکانی رووخسار، لە رێگەی ئەو ماکیاژە، دەکرێ شێوازێکی رازاوە و ناسك لە مۆدەکان بە دی بکەین و ماکیاژێکی هێمن بە رووخساری خانمان ببەخشین، تەنانەت لە شێوەی ماکیاژێکی ناسکدا دەکرێ شێوەی دیکەش بە رێگەی ئەو جۆرە ماکیاژە جوانییەکی گەورە و ناسك دەربخەین.







بەرپرسی فایلی رەنگاورەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560
Email: reng@gulan-media.com


# پیاوێك لە هەولێر دەتوانێ لەسەر پایسکل بخەوێ

ئەگەرچی لە جیهاندا خەڵکی بەهرەمەند و سەیر هەن، لەلای خۆشمان کەسانێك هەن خاوەن بەهرەیەکی سەیر و تایبەت بن، ئەمەش لە بەهرەی ئەو پیاوە دەبێ کە کاری خۆی زێڕینگرییە و کەچی لە توانایدا هەیە نمایشێکی تایبەت بە پایسکل ئەنجام بدات، ئەمەش کاتێك دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پایسکل بوەستێ و بەبێ ئەوەی بکەوێ، مەبەست لەسەر پایسکل کە پایسکلەکە وەستا بێ.



دڵشاد ڕەشید محەمەد ئەو پیاوەیە کە لە شاری هەولێر دەژی، لە بەرچاوی ئێمە توانی نزیکەی (١) کاتژمێری تەواو لەسەر پایسکلەکەی بووەستێ و بەبێ ئەوەی بکەوێ، تەنانەت دەشتوانێ بەخەوێ و بە وەستاوی بمێنێتەوە، وەکو خۆی دەڵێت دەتوانێت نان و چای لەسەر پایسکل بخواتەوە و دەشڵێت ئەم بەهرەیە لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، کەسانی لەمجۆرە شایستەی ئەوەن لە بەهرەکەییان خەڵات بکرێن کە چۆن بتوانن کاری لەمجۆرە ئەنجام بدەن.

# هاوێنە سەیرەکانی چاو ببینە




کارە سەیرەکان بەردەوام لە داهێنانی تازە و جیاوازدا دەردەکەون، تەنانەت دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانی و سەیری لە کەرەستەکان، ئەمەش وادەکات ببێتە حاڵەتێکی تایبەت و سەیر لەبەرچاوی گشت لایەنەکان، ئەوەی دەیبینن چەند مۆدەیەکی سەیرە لە هاوێنەکانی چاو، زیاتریش بۆ لایەنی جوانی و سەیری بەکاردەهێنرێ.

ئەوەی سەیر بێ، هەر یەکە لەم هاوێنانە بۆ مەبەستێکی جوانی تایبەت ئامادە کراوە، ئەمەش لەلایەن کۆمپانیایەکی هۆڵەندی بۆ دروستکردنی هاوێنەکانی چاو دروستکراوە.

# (١٧) ساڵە نەخەوتووە

کەسانێك هەن تووشی نەخۆشییە سەیرەکان دەبن، ئەمەش بەهۆی حاڵەتێکی ناشیاو و جیاواز دەبێ، کاتێك تووشی مرۆڤەکان دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتەکان بەبێ چارەسەری دەمێننەوە و چارەسەری بۆ نابێ، وەکو ئەو پیاوەی دەیبینن تووشی نەخۆشییەکی سەیر هاتووە، کە جێگەی سەیری گشت کەسێك دەبێ.



فەخری عەلیان ئەو پیاوە ئوردنییەیە کەوا تووشی نەخۆشی (نەخەوتن) بۆتەوە، ئەمەش لە ماوەی (١٧) ساڵی رابرووددا تووشی بووە و چاوی ناچێتە خەو، تەمەنی ئەو پیاوە ئێستا (٥٠) ساڵە و نزیکەی بەشێکی تەمەنی لە شەونخوونی و بە ئاگایی بەسەر بردووە، تا ئێستاش چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە.



# سەیر و سەمەرەکانی هاندەرانی مۆندیال

مۆندیالی جیهانی ٢٠١٠ ڕۆژانە بە چەندین یاری کاتەکان بەڕێ دەکرێ بۆ گەیشتن بە یاری کۆتایی و وەرگرتنی جامەکە، ئەمەش وادەکات خەڵکێکی زۆر سەیری ئەو یاریانە بکات، تەنانەت هەندێکیان بە شێتی و شێوە جوان کردن دەبن بە هاندەری ئەو هەڵبژاردانەی کە بە دڵیانە.

ئەوەی دەیبینن چەندین وێنەی سەیرە لە شارەکانی وڵاتی باشووری ئەفریقیا وەرگیراوە، تەنانەت هەر یەکە جێگەی جوانی و سەیری دەبەخشێ، بۆ نموونە ئەو ئەم گەنجە کە خاوەن فیلێکە دەڵێ: ئەگەر ڕێگەم بدەن خۆم و فیلەکەم دەچینە ناو یاریگا. ئەوەی دیکەش بە شێوەیەك ڕووخساری بۆیە کردووە، کە سەیرترین ڕووخساری بۆ خۆی دروستکردووە، یان هەیە قژی لە شێوەی تۆپ تاشیووە.

# کاتژمێرە سەیرەکان



دروست کردنی کەرەستە سەیرەکان بە چەندین شێوە و ڕێگەی تایبەت دەبن، تەنانەت هەندێکیان دەبێتە جۆرە کەرەستەیەك کە جێگەی شیاوی گشت لایەنێك بێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە یەکێك لە کەرەستە و بەرهەمە سەیرەکان، ئەگەر سەیرێکی ئەو کەرەستانە بکەن، هەرگیز بیرتان بۆ ناچێ کە چییە.

کەچی ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، دەزانین کە کاتژمێرە، بەڵام لە سەیرترین شێوەی دروستکراوە، دەبێتە یەکێك لە کەرەستە جوان و سەیرەکان، تەنانەت لە شێوەی کاتژمێرەوەش بە دوورە.




# کڵاشی کوردی بۆ ئافرەتان






# کتێب و دەفتەر بدڕێنن

دوای کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەکان، قوتابیان بە دڵێکی خۆشەوە دەتوانن بگەڕێنەوە سەر باری پێشوو کە پشوو بدەن و بۆ ئەوەی لە دەست خوێندن بۆ ماوەیەك بحەسێنەوە، ئەمەش وادەکات کە قوتابیان بێزاریان پێوە دیار بێ، بە تایبەت دوای تاقیکردنەوە چارەسنووسیەکان.

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە دڕاندن و فڕێدانی کتێب و دەفتەرەکانی قوتابیانە، کە چۆن کاری لەمجۆرە ئەنجام دەدەن، تەنانەت ئەم لایەنە بۆتە نەریتێك لەلایەن قوتابیانی وڵاتی چین، بۆ دوو مەبەست، یەکەمیان بۆ ئەوەیە کە رزگاریان بووە لە تاقیکردنەوەکان، هەروەها مەبەستی دووەمیش تاوەکو قوتابی دوای خۆی، ئەو زانستە هەڵنەگرێت و بە دوای زانستی تازە بکەوێ.

# سەیرترین مۆدەی قژ



ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە مۆدەکانی قژ، کە بە جۆرێك کاری بۆ کراوە، ئەوەی لە دوورەوە سەیر بکات، وادەزانێ کە مرۆڤێکە و تەماشای دواوە دەکات، ئەم مۆدەیە لەلایەن گەنجێك کاری بۆ کراوە لە وڵاتی بولگاریا، بۆ ئەوەی ببێتە مۆدەیەکی سەیر و تایبەت لە ژیانی خۆی، نزیکەی (٥) ساڵە لەمکارەی بەردەوامە و بەمجۆرە قژی دەتاشێ.

ئەم گەنجە ناوی (لوکاس)ە و رۆژانەی ژیانی بەم لایەنە بەسەر دەبات، ئەویش تەنیا بە خەریك بوونییەتی لەگەڵ دانانی قژی لەمجۆرە مۆدەیە، بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین مۆدەکانی قژ.

## نوکتە

☺ - پیاوێك لەگەڵ ژنەکەیدا دەمەبۆڵەی دەبێت و بە عاجزی لە ماڵ دەچێتە دەرێ. کاتی نیوەڕۆ دەیەوێت ژنەکەی ئاشت بکاتەوە، بۆیە تەلەفۆن دەکات بۆ ماڵەوە و دەڵێت: " گوڵەکەم چیت لێناوە بۆ نیوەڕۆ؟"

ژنەکەشی کە هێشتا هەر توڕەیە، بە توڕەییەوە دەڵێت: " زەهری مار."

پیاوەکەش دەڵێ: "دە باشە گوڵەکەم تۆ نانی خۆت بخۆ من لە بازاڕ نان دەخۆم






# سەیری بکە و بیخۆ!!

دروستکردنی کەرەستە و شێوە سەیرەکان لە چەندین بیرۆکەی جوان و تایبەت دەردەکەون، تەنانەت دەبێتە کەرەستەیەك کە جێگەی سەیری خەڵك بێ، ئەگەر سەیرێکی ئەو وێنانە بکەین، بە جوانترین شێوە دەرکەوتوون، تەنانەت ئەگەر یەکێك نەزانێ دەڵێ رەنگە تابلۆ یان پەیکەر بن.

کەچی لە راستیدا، ئەو وێنانە بریتین لە خواردن و کێك، خواردنی لەمجۆرە لە شێوەیەکی دیکە دروستکراوە و دەبێتە یەکێك لە سەیرترین کەرەستەکانی خواردن، بۆتان هەیە لە دوای ئەوەی سەیری وێنەکان بکەن، ئینجا دەتوانن نۆشی گیانتانی بکەن و بیخۆن!





### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

چەند کەسێك هەوڵ ئەدەن لەگرنگی دەستکەوتەکانت کەم بکەنەوە کە لە ماوەی ڕابردوو بەدەستتت هێناوە، وەك چۆن پێشتر بێدەنگیت نواند بەرامبەر ئەو کەسانە هەمان هەنگاو دووبارە بکەوە و دڵنیابە هەوڵەکانیان بێ ئەنجام دەبن.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

باری دەروونیت باشە و لە رۆژانی داهاتوو باشتریش دەبیت.هاوڕێکانت لێت بە گومانن کاتێك هەندێ جار شتەکان بە گرنگ وەرناگریت و وا هەست ئەکەن بەجۆرێکی دیکە بیردەکەیتەوە، لەماوەی داهاتوو هاوڕێی زیاتر دەناسیت و پەیوەندیەکانت بەهێزتر دەبن.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەگەر کێشەت هەیە لەگەڵ کەسێکی نزیك و حەزدەکەی بەزووترین کات چارەسەری بکەی ئێستا باشترین کاتە و کۆتایی بەو کێشەیە بهێنە. بە بێ ویست و ئارەزووی خۆت داوات لێدەکرێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی زۆر گرنگ و هەستیار.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی کرانەوەی دەرگای بەختت دەکەی بۆ هاتنەدی خەونەکانت، لەکاتێکی زۆر نزیکدا ئەوەی چاوەڕوانی دەکەی دێتەدی و بەرێژەیەکی زۆر کاردەکاتە سەر ئاسوودەبوون و بەختەوەیت لەسەرجەم بوارەکاندا.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

زۆربەی بڕیارەکانت لەشوێنی خۆیان دان و بە بێ پرسی دەوروبەر ئەو بڕیارانە دەردەکەی، ئەوە کارێکی باشە کاتێك هەست دەکەی توانای بڕیاردانی گونجاوت هەیە بەڵام ئەوەت لەیاد نەچێت لەو کاتانەدا هەر خۆت بەرپرسیاری ئەنجامەکەی دەبیت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەموو کەسێك هەڵە دەکات بەڵام گرفتی کەسانی خاوەنی ئەم بورجە ئەوەیە کە زۆربەی جار دان بە هەڵەکانیان نانێن و پاساوی جۆراوجۆر دەدۆزنەوە، ئەو کارە هیچ پێویست نییە و وا باشترە لەجیاتی ئەوە بیر لەدووبارە نەبوونەوەی هەڵەکان بکەنەوە

ئامادەکردنی:داریۆ



گوڵان
ژمارە (٧٨٦)
٢٠١٠/٦/٢١



| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | | | | | | ١ |
| | | ■ | | ■ | | | ■ | | | | | ٢ |
| | | | | | | | | ■ | | | | ٣ |
| | ■ | | | | ■ | | | | | | | ٤ |
| | | | | | ■ | | | | | | | ٥ |
| | ■ | | ■ | | | | | | ■ | | ■ | ٦ |
| ■ | | | | | | | ■ | | | ■ | | ٧ |
| | | ■ | | ■ | | ■ | | | | | | ٨ |
| | | | | ■ | | | | | | | | ٩ |
| | | ■ | | | | | | ■ | | ■ | | ١٠ |
| | ■ | | | | ■ | | | | | ■ | | ١١ |
| | | | | | | | | | | | | ١٢ |

## ئاسۆیی:

١-مێرێکی کورد بوو- شارێکی کوردستانە.
٢- یاریزانێکی پورتوگالیە (پ)- نیوەی مەرگ- دوو پیتی ڤیگەڵ
٣- سێ پیتی خەندە- جۆرە یاریەکی وەرزشی یە
٤- زیندەوەرێکە (پ) – جێگای رەبەن(پ).
شاعیرێکی کوردبوو- شاعیرێکی کورد بوو
٦- پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپییە.
٧- نیوەی مەشک- جۆرە تەلەفزیۆنێکە
٨- بەسرە- وەکو یەك
٩- شارۆچکەیەکی کوردستانە- وەکو یەك
١٠- شارێکە لە ئەفریکا(پ) وەکو یەك
١١- پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپییە(پ) پایەتەختی وڵاتێکی ئەوروپییە(پ)
١٢- داستانێکی دڵداری یە

## ستوونی:

١- شاعیرێکی کورد بوو(پ)- شاعیرێکی کورد بوو
٢- یانەیەکی ئیسپانیە (پ)- ژمارە یەکە.
٣- خامە- خاوەن ئاژەڵ
٤- رووەوشە(پ)- ئامێرێکی کشتوکاڵی- رەگەزێکە
٥- مروە(ت) ژمارە یەکە
٦- زنجی- موور(ت)
٧- مێوەیەکە(پ) – جۆرە کامیرەیەکە
٨- گۆرانی بێژێکی فارسە(پ) یەن.
٩- ناوێکی کچانە- شارێکی عێراقە(پ)
١٠- یانەیەکی فەرەنسی یە(پ) دوو پیتی بەهار.
١١- رووبارێکە- شارێکی کوردستانە(پ).
١٢- شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ) چیایەکی کوردستانە(پ).

فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە رێگەی دانانی هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..

**ئاسانکاری**

- بازنەکانی (٤+٥+٦) بە مانای پیاو بە زمانی ئینگلیزی.
- بازنەکانی (١+٣) دەکاتە ئەنجامی شیکاری (١٠٠٠٠٠٠- ٩٩٩٩٩٧) = ؟
- بازنەکانی (٤+٣) پێکهاتووە لە پێچەوانەی نێر
- بازنەکانی (١+٤+٣+٢) شتێکە لە ژێر لووتی پیاو هەیە، لە ئافرەتدا نییە

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کەرکوك ) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەو بێدەنگیە و ئەو هەنگاوەی ئێستا پەیڕەوی دەکەی کەسی بەرامبەرتی خستۆتە بارێکی سەختی بیرکردنەوە لەوەی چۆن وەها بەخێرایی گۆڕانکاریت بەسەرداهات، هەر قسەیەکت هەیە لێی مەشارەوە ڕاشکاوانە پێی بڵێ پێش ئەوەی لەدەستی بدەی.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەم هەفتەیە زۆر ماندوو دەبیت بەهۆی سەرقاڵ بوونت بەچەند کارێکی گرنگەوە، دوای ئەوە پشوویەك وەربگرە و لەگەڵ کەسە نزیکەکانت گەشتێك یان سەیرانێك بکەن کە ماوەیەکە لەیەکتر دوورن و لەمێژە بەیەکەوە کاتی خۆشتان بەسەر نەبردووە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

چەند پرسیارێکت ئاراستە دەکرێن کە تایبەتن بە کەسێکی زۆر نزیکت، پێویست ناکات نهێنیەکانی ئەو کەسە لای کەس باس بکەی تەنانەت ئەگەر نزیکترین هاورێشت بێت، یان لەوانەیە تاقیکردنەوەیەك بێت بۆ زانینی ئەوەی تاچەند جێگای متمانەی



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کارێك مەکە ببێتە هۆی شکاندنی دڵی کەسی بەرامبەر، ئەو تۆی خۆشدەوێت و ئامادەی هەموو شتێکە لەپێناوت تۆش وەفاداربە و کارێك مەکە ببێتە هۆی ئەوەی پەشیمان بێت لەوەی ئەوەندە بڕوای پێت کردووە و بەو شێوەیە تۆی خۆشویستووە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەوەندە بیرمەکەوە لەو شتەی پێت وایە زۆر قورسە و چارەسەرکردنی گرانە، نەخێر بەو شێوەیە نییە و متمانەت بەخۆت هەبێت و ڕێگایەکی ئاسانتر بدۆزەوە ئەو کات هەست ئەکەی هێشتا لە توانات دایە نەك چارەسەری بکەی بەڵکو باشتریشی بکەی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کەسێکی نزیکت گلەییت لێدەکات بەوەی هیچ هەواڵی ناپرسیت و ئەوت لەبیر کردووە، نەك تەنها ئەو بەڵکو کەسانێکی تریش هەمان قسەی ئەو دەکەن، بۆی ڕوون بکەوە کە ئەو بێدەنگیە مانای لەبیرکردنی ئەوان نییە و لەئایندەدا لەهەواڵیان بپرسە.

hemntoni@yahoo.com